بەربەرەکانێی بە کۆمەڵی پەنابەران لەیۆنان بگرن !... جەمال کۆشش

دەوڵەتانی ئەورووپا پێویستە یەکسەر بەهانای پەنابەرانی یۆنانەوە بچن بۆتایبەت دورگەی لەسبۆس Lesbos (کەمپی مۆریاMoria) ڕێککەوتنی نوێی ئەورووپای یەکگرتوو لەگەڵ تورکیا کاتێکی زۆرتری دەوێت(کە بەنیازن وئەکەیتان بە کردووە)، دەستپێکردنەوەی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی داواکانی پەنابەران کاتی زۆرتری دەوێت(کە لە١.٤.٢٠٢٠) ووە لەیۆنان دەستیپێکردۆتەوە. هەر لەمانگی فیبریوەری ٢٠٢٠ ، سەدان ڕێکخراوەی لایەنگرانی مافەکانی پەنابەرانی نەونەتەوەیی وئەوروپایی ، سەدان نوسەر وسیاسەتمەدارو هەڵسوڕاوان، دەیان نامەی کراوە یان ئاراستەی پەرلەمانی ئەوروپاو دەوڵەتەکانیان کردووە بە ڕزگارکردنی پەنابەرانی یۆنان بۆتایبەت کەمپی مۆریا.

لەتەواوی یۆنان نزیکەی ١٠٠ هەزار پەنابەر دەژین، ژیانی ٤٣٥٠٠یان زۆر سەختە ئەوانەی بەسەر کەمپەکاندا دابەشکراون.(بە تایبەت کەمپی مۆریا، لە لەواری کارساتێکی گەورەی مرۆیدایە).

زۆر دەمەکە لایەنگرانی مافەکانی پەنابەران داوای باشترکردنی هەلومەرجەکە دەکەن. تەنانەت پرۆفیسۆرJean Ziegler (جین تسیگلەر (٨٦ ساڵ) وەک جەگری سۆسیالیستی نەردەی یوئین بە مافی مرۆف، لەسەردانی مانگی مەی ٢٠١٩ بۆ کەمپی مۆریا، کتێبێکی نوسی بەناوی (شەمەزاریەکەی ئەورووپا)، هەر لەو کتێبەدا باسی ڕەفتارەکانی دووەمناڵ لەسەرما دەکات، هەوڵی خەکوژی مەردمناڵ وپاشماوەی برینەکانی سەرجەستە، ڕاپۆرتیکی وورد لە داوخانی هەموو بەهایەکی ئینسانی ومافەکانی مرۆف وداواکانی پەنابەری . وە نەوی دەنێت ((ستراتیژی تیرۆر)) بۆ تەقاندنی پەنابەران کە ئیدی لە بیر لە هەلاتن بۆ ئەورووپا نەکەنەوە ودابنیشن لە نیو جەنگ وکوشتاروهەژاریدا زیندە بەچاڵ بکرێن.

تکایە، تکایە ، هیچی تر کات بەفیڕۆ مەدەن، هەلومەرجەکە یەکجار ترسناکە. لەکەمپی مۆریا نزیکەی ٢٢ هەزار کەس کە لەبنەڕەتدا بۆ کەمتر لە٣٠٠٠ کەس بنیاتنراوە کەکراونەتەوە، بۆ ١٣٠٠ کەس یەک بەلوعەی ئاو یان هەیە کە ئەویش بەزەی دەبەدرێت، بۆ سەدان کەس یەک تواڵێتیان بۆر دەکەوێت، قەتارەی دوروودێژی نەرەکانی خواردن

وتوالیت وئاو، پاپێستو قڕبابخێکی زیان دروستکردووە. زیدانی گوڕ وچکاوی قووڵ ، کەمترین ئاستی تێندروستی تیا بەدی ناکرێت. لەو ٢٢ هەزار پەنابەر، ٨هەزاریان منالن وزیاتر لە ١٦٠٠ کەسیان ئەو منالە ومەرد منالانن ودابەراون لە کەس وکاریان یان خزیان لە دەستکەس وکاریان هەڵاتوون. سەدان نەخۆش وپەککەوتە وبێتەوانی تیدایە.، بئومێدی ، ترس لەئایندە، بێخزمەتگوزاریەکان، بێکار وبێ قوتابخانە، بواریان بە سەدان نەخۆشی دەروونی سازداوە. بگشتی پەنابەران هەموو شتێکیان لەسەندراوەتەوە کەدایان لەدەکەن خزیان کەرەنتینە بکەن.
زنگی هۆشداریی کردنەوەکە لێدا. لەکەمپی ریتسونا (Ritsona ی ٧٥ کم دوورە لەئاسیناوە) کە ٢٥٠٠ پەنابەری تیا نیشتەجێکراون ، لەسەرەتای مانگی ٤دا ژنێکی ئەفریکایی منالی دەبێت، تاقیکردنەوەی فایرەسی کرۆناکەی پۆزەتیف دەبێت، هەر لەو کەمپەدا، ٢٠ کەسی تریش هەڵگری فایرەسەکەن و تەواوی کەمپەکەش لە کەرەنتینەدان.
تائێستا لەکەمپی مەرینا بەپێ راگەیاندنەکان، کچێکی گریکی کە لەسوپەرمارکێتێکدا ئیشی دەکرد توشی پەتای کرۆنا بووە. بەڵام لە حاڵەتی پێنەوەی پەتاکە بێ نەو کەمپەکە، ئیدی دەبێت پێشبینی کارەساتی گەورەی مرۆیی بکرێن. دەبێت پێشبینی مەرگی بکەمەڵ بکرێن.٢٢٠٠٠ هەزار کەس ٣ دکتۆریان هەیە.لە تەواوی نەخۆشخانەکان ٦ ئامبری هەناسەدان هەیە، داودەرمان زۆرکەم وگرانە. بەهەی ئەم دەرد وپەتایشەوە ، بێشکی زۆر لەو خەبەخشانەی یارمەتی پەنابەریان دەدا، کشاونەتەوە بێ وڵاتەکانی خزیان.
ئەم ئینسانانە لەلایەن مرۆڤایەتیەوە بێ تیاچوون ومەرگ جێهێڵراون. نابێت ڕێگا بدرێن.
بڕیێ گواستنەوەی پەنابەران بێ هوتیلەکان، خانوچکەکان، دروستکردنی خانووی سڤری تەختەیی ، دواکەوتن هێناگرێت ودەوڵەتی یەنان بەرپرسی یەکەمە .
گواستنەوەی بەپەلەی هەموو ئەو پەنابەرانەی کەلەلایەن وڵاتە ئەوروپییەکانەوە بێینیان وەرگرتنیان پێدراوە.
حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بەتێنگ هانای ئەو پەنابەرانە عێراقیانەوە بچن و گیان وژیانیان لەم دۆخە سەختەدا قوتار بکەن.
هەموو ئەوانەی کەسو کاریان لە یەنانەدا بەتایبەت لەکەمپی مرینادا گیریان خواردووە تکایە بهانایانەوە بچن.

جەمال کەشش٠٥.٤.٢٠٢٠

وەرەو ناو ژیان … شوان حەسەن

تۆ وەرە ناو ژیانەوە
قاچەکانت لە سەبری وشە بوونێ با
تیشکی خۆر نەتسوتێنێ
کراسە ڕەشەکەت، لە دڵی ئەو ئێوارە غەمگینە بکەوە و
بەکراسە کەسکەکەت یاخود بە وێنەوشەییەکیان
دەرگای ئێوارەم بۆ بکەوە
.مەترسە تۆ لێناو ژیان دا بیت ئەمن مەرگ لە ئامێز دەگرم و درزێک
دەبینمەوە.
لێیەوە سەیری تۆ بکەم
قاچاغچیێک دەبینمەوە تا لە سنووری مەحاڵ بمپەڕێنێتەوە
تۆ وەرە ناو ژیانەوە لەرەی خۆر، بۆ بۆ باکی هەڵدە و
بۆ بۆ نازیش، ئێواران تیشکەکانی خۆی کەدەکاتەوە
لەرەی زەمان ” زەپا”یەکی دووکەڵگرتووە و
بەبەن و ژانەسەرەکەی “سەردەم” دەتەرێنێ
تۆ لەرەی دوورکەوە ئەرە گەڵستانێکی گەورەیە
گوڵەکانی مات و مەلوڵن
درەختەکانی بەرەکی تاڵگرتوون
زەنی غەم جێناهەڵم تا لە هاتنەوەی تۆ
بۆ ناو ژیان دڵنیانەبمەوە
دیسان سوراوەکەت لەوی بۆیانی تەکردەتەوە و
دەنگت تامی خواردنی گەیوە
ئارام دەبم و بۆ ترس لەگەڵ مەرگدا دەسوڕمەوە
دەزانی بزە و پێکەنینێ کورتەکانت چۆند لەچیان خستۆ سەر ەوخسارم؟
تۆ وەرە ناو ژیانەوە بەهێنت پێدەدەم لەوی ئازارەکانم دەکرێژم و
نایەڵم قاقات بقرتێنن
نایەڵم بۆ نیشتمانیم پڕۆ دیاربێت،
نایەڵم بۆ جۆگایی بەستم لە بەفڕێت،
نایەڵم …
تۆ وەرەوە ناو ژیانەوە
ئەوسا لەگەڵ تۆدا دەبوژمەوە

شوان حەسەن

□□□ی باشووری کوردستان لە □اپەڕینی شێخ عوبەیدوڵ□ای نەهریدا-7-.. □ەسوڵ بەسکەنی

بەشی حەوتەم

هەرشی شێخ عوبەیدوڵ□ا بۆ سەر شاری ورمێ

هەزەکانی شێخ عوبەیدوڵ□ا ئەوەندە چالاکانە هەرشەکانیان ئەنجامدا، لەماوەیەکی کەم توانیان ناوچەیەکی زۆر ئازاد بکەن و گوشاربخەنە سەر شاری ورمێ، لەو بارەیەوە ئابێت کۆنسوڵی گشتی بەریتانیا لە ورمێ لە 7ی تشرینی یەکەمی 1880 بۆ تەمسن دەنووسێت، ورمێ لەژێردەستی کوردەکان دایە بەفەرماندەیی شێخ سادق، هیچ شتێك نیە رێ لە شێخ سادق بگرێ بۆ داگیرکردنی ورمێ، ئەو هێزانەی لەبەردەستی ئیقبال الدولە دان دوو فەوجن، بەڵام لەناوچەکەدا پەرش و بڵاو بوونەتەوە، ئەگەر کوردەکان لەپێ پەلاماری ورمێ بدەن، زۆر زەحمەتە حاکمەکە بتوانێت بەرگری بکات، ناتوانێت بەهەموو زیاتر لە 700 کەس کۆبکاتەوە، ورمێ یش بێگومان هەمان چارەنووسی سابڵاخی دەبێت.
بەڵام ئەو هێزەی بەسەرکایەتی شێخ عوبەیدوڵ□ا پەلاماری ورمێی دا، قۆرتی هاتە□□، کاربەدەستانی ئێران بەیارمەتی هێزە ناوچەییەکانی ئەوێ بۆ ماوەیەك خۆیان پێ □اگیرا. دەخی ناوەوەی هێزەکانی کوردی دەوری ورمێ کە بە سەرکایەتی شێخ عوبەیدوڵ□ا بوو کەمێك ئا□□زی تێکەوت، کاربەدەستانی ئێران بەیاریدەی هێزەکانی ناوشار توانیان ماوەیەکی درێژ خۆیان □اگرن و بەرهەستی بکەن، شێخ عوبەیدوڵ□ا کە ئابووقەی ورمێی دابوو، لە (21)ی تشرینی یەکەمدا دوو کەسی بە نامەوە نارد بۆ شاری ورمێ و داوای لە دانیشتوانی شار کرد بەخواستی خۆیان شارەکە بدەن بەدەستەوە، ئیقبال الدولە بۆیاری بەرگری داو خۆی بەسێ فەوجەوە لەنێو دیوارەکاندا قایبم کرد. مەلا گەورەکانی شار لە وەڵامی ئەمە دا دەستیان بە چەتی خۆیان

پیشانی شێخ دا، بەرامبەر بەمە ئیقبال ئەلدەولەی بەڕێوەبەری شاری ورمێ کەوتە خۆ کۆکردنەوە و قایم کردنی شوورەی شارەکە.
پێنج کەس لە خزمکی شاری ورمێ بەنوێنەرایەتی چوون بۆ لای شێخ بۆ مزگەوت وەرگرتن بەمەبەستی دواخستنی لە گرتنی شاری ورمێ، نوێنەرکانی شار بۆ ئەوەی شێخ لە گرتنی شارەکە دوابخەن چوون داوای مۆڵەتی لێ بکەن چەند ڕۆژێك هەرشەکە دوا بخات بۆ ناو شاری ورمێ، ئەو نوێنەرانە بریتی بوون لێ: سەید موتەزای ئەمین شەرع، ئاغا میر جەعفەری پێشنوێژ، ئاغا سەید ئیسماعیلی سەرێك بازرگانان، حاجی میر جەباری ڕۆوزەخوێن و ئاغا میرزا غەفوور، ئەم دەستەیە لەسەرووی چەمی (ئاجو)ی شارەوە، تووشی شێخ عوبەیدوڵڵا و لەشکرە فراوان و ئامادە و پێجەش و هەراوهوریاکەی بوون، کە بە زرێ و چەك و ئاڵای سپی و تەدارەکی جەنگی و گوێندەوە، لەهاوئاوزەنگی و تەك شێخ عوبەیدوڵڵا بەرەو شار دەهاتن، نوێنەرەکان لە ئاسپەکانیان دابەزین و ئاوزەنگیان ماچکرد و عەرزیانکرد، تەشریف هێنانی حەزرەتی شێخ بۆ ورمێ ئینشائڵڵا یەکجار موبارەك و پیرۆز و هەموو دانیشتوانی شار، چاویان لە چاکەی حەزرەتی شێخ، زۆر بەپارسەوە تامەزرۆی ئەوەن لەبەرامبەر هەموو هاوشاردا، بەمیهرەبانی و دڵنەرمیەوە لەگەڵیاندا هەسوکەوت بفەرموێ.
شێخ لەوەڵامدا وتی: "ئەگەر ئەوەی خزمکی ورمێ کەلەقی مزهەبی بەلاوە بنێن، هەروا دەبێ، و سەزی زەرتان بەرامبەر دانوێنرێ"، ئەوانیش وتیان لەحەزرەتی شێخمان داوایە، دووڕۆژی ترمان موڵەت بخەکەی ورمێ پێ مەرحەمەت بفەرموێ، تا لەگەڵ ئیقبال دەولەدا قسەبکەین، چونکە ئێمە لەگەڵ هەموو خزمکی شاردا بەیەنمان داوە گوڵایەڵی فەرمانتان دەبین و ئەگەر ئەویش هەروا نەکات، لەشار دەریدەکەین و ئەوسا تەشریف بۆ شار دەهێنن.
شێخ عوبەیدوڵڵا تۆ گەیی مەبەستەکەیان بۆ بەدەستەوەدانی شار نەبوو، بەکو بۆ تەفرەدانی ئەو و بۆ بەسەربردنی کات بووە، تا خۆیان بۆ بەرگری ئامادەبکەن، شێخ لەوەڵامی ئەوانەدا وتبووی دەزانم ئەوە درۆ لەگەڵ مندا دەکەن و ڕووی لە میرزا غەفوور کرد وتی: ئەی پێم نەوتیت، مەیەێن ئیقبال دەولەی بۆتە شار؟ ئەی چۆن هەشتان و ڕۆگاتان دا بۆتە شارەوە؟
دوای تەواو بوونی ماوەی مۆڵەتەکە، ئەوسا شێخ بۆیاریدا پەلاماری شارەکە بدات، ئیقبال ئەلدەولە بەو نیازەی وەخت وەدەست بخات، پەنای بردەبەر (ئابەت)ی کۆنسوڵی بەریتانیا و داوای لێ کرد بکەوێتە نێوانیانەوە و ناوبژیان بکات، ئابەت لەو نامەیەی لە (22)ی تشرینی یەکەمدا نووسیویەتی دەڵێت:" ئیقبال ئەلدەولە داوای لێ کردم پیاوەتی لەگەڵدا بکەم و وا لەشێخ بکەم لەگەڵیا بچێتە

مەیدانی گفتوگۆوە و ڕازی بکات، بۆ ماوەیەك واز لەشەڕ بێنێ، بەڵکو لەو ماوەیەدا بتوانێ دەنگی خۆی بە پایتەخت یان تەورێز بگەیەنێ".
(ئابێت) گورج هاتە مەیدانەکەوە و کەوتەکار، هەر ئەو ڕۆژە کەوتەڕێ، بەو نیازەی خواستەکەی ئیقبال ئەلدەولە بەشێخ بگەیەنێ و داوای لێ بکات بۆ ماوەیەك پەلاماردانی شارەکە بوەستێنێ. بەڵام شێخ گفتی نەدا لەگەڵ ئیقبال ئەلدەولە دانیشێ و گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، شێخ عوبەیدوڵڵا ئامانجی ڕاپەڕینەکەی کوردی بۆ (ئابێت) ڕوون کردەوە، هەروەها ناحەزی و نابەدڵی خۆی بەرامبەر کاربەدەستانی ئێران دەرخست، هەر دوای ئەمە شێخ، خەلیفە سەید موحەمەدی دونیادیدەی نارد لای (ئابێت) بەو نیازەی وا لە (ئابێت) بکات بڕوا بەنیاز پاکی و پەیوەندی چاکخوازی شێخ عوبەیدوڵڵا بەرامبەر بە دەوڵەتە ئەوروپاییەکان بکات و عەدالەتی ڕاپەڕینەکەی کوردی بۆ دووپات بکاتەوە، سەید موحەمەد دڵخۆش کوردەکانی بۆ (ئابێت) ڕوون کردەوە، ئەو دڵخۆشی لەوەدا نەمابوو چاوی لێ بپۆشرێت، ئەوەی بۆ دەرخست چۆن کاربەستان و مووچەخۆرە ئێرانییەکان یاسا دەخەنە ژێر پێ، بەتایبەتی کردەوە ناڕەواکانی موتەسەڕیفی ورمێی دەست نیشان کرد، لە ئەنجامی ئەم کێبڕکێیەوە، (ئابێت) دەنووسێت: " شێخ نیازی وایە لە هەموو ئەو عەشرەتانەی تورکیا و ئێران بدات کە خەریکی تاڵانی و جەردەیین، چونکە ئەو دوو دەوڵەتە ئەوەیان لەباردانیە و لە دەستیان نایە سنوورەکانیان لە جەردەیی و تاڵانی کردن بپارێزن و یاسا بچەسپێنن و مافی ڕەوا بە گاور و موسڵمانەکان بدەن و بەیەك چاو سەیریان بکەن و ڕێگا بۆ گەشەکردنی خوێندەواری و پیشەسازی و قوتابخانە و کڵێسەکان پاك بکەنەوە.
ئەوەی دەیەوێت تەنیا یەك شتە ئەویش پشتگیری کردنی مەعنەوی دەوڵەتە ئەوروپاییەکانە، شێخ داوا دەکات تاقی بکرێتەوە، ئەگەر نەیتوانی کوردستان پێك بهێنێ و لەوێ حکومەتێکی قایم و بەهێزی دروست نەکرد، ئەوە با لەبەردەم دادگای نوێنەرانی ئەوروپادا دادگایی بکرێت و ئەنجامی ئەوەش چی دەبێت با ببیێت".
بەریتانیا نەیدەویست دەسەڵاتێکی تازەی گەنجی خاوەن هێز لەناوچەکە سەرهەڵ بدات، لەبەر ئەوە (ئابێت) لە نوێنەری شێخی گەیاند دووبەرەکی نێوان کورد و ئێرانی بەلاوە گرنگ نیە و گرنگیەکی ئەو تێی پێ نادا، (ئابێت) ئاگای لەوە بوو (300) لە ئاسووریە شاخاویەکان بە سەرکایەتی میترپێل ماریزیف، لایان داوەتە تەك کوردەکان هەوڵی دا ئاسووریەکان بەتایبەتی ئەوانەی لە دەوروبەری گۆماوی ورمێ دەژیان، لە دواڕۆژدا نەدەنە تەك کوردەکان، هەر بۆ ئەو مەبەستە خۆڕا خۆی گەیاندە کڵێسە و لەوێ لە خەڵکەکەی گەیاند بەریتانیا هەمیشە چاوی لە چاکە و چارەنووسی دانیشتوانە

گاورەکانە، لەبەرئەوە دەبێ لە بزووتنەوەکەی کورد دوورە پەرێز بووەستن.
ئابڕت دەڵێت: کاتێ وەرەم جێ هێشت شێخ بە 6.000 کەسەوە بارگەی لەخوار چیای سیر لێدابوو، نامەیەکی دامێ بێ کوێەکەی (سدیق) کە زۆر بەڕێز و لوتفەوە پێشوازی لێ کردم.
شێخ عوبەیدوڵا بۆیاریدا پەلاماری وەرەێ بدات
شێخ هێرشی بێ سەر وەرەێ لە 22ی تشرینی یەك دەستی پێکرد لەهەموولاوە گەمارۆی شار درا، بەڕام تا 28ی مانگیش هیچی ئەوتۆیان نەکرد، بێ سەردیوارەکان کوردەکان تەنیا یەکجار تا ناو دەروازەی چەرباش هاتن، بەڕام بە زیانەوە پاشەکشەیان پێکرا. دانیشتوانەکە ویستیان تەسلیم بن، بەڕام ئیقبال الدولە بۆیاری دا بەرگری لەشارەکە بکات.
لە (23)ی ئەیلولدا کاتێك شێخ بۆیاری دا پەلاماری وەرەێ بدات، (ئابڕت)ی ئاگادارکردەوە بێ ئەوەی گاورەکانی وەرەێ پیا بگەن شارەکە بەجێ بهێڵن. داوای لە (ئابڕت) کرد لەگەڵ سیمێن ئاغای ئەرمەنیدا شار بەجێ بهێڵن و شار بەجێ هێشتنیش بێ دانیشتووە گاورەکان ڕێك بخات. (ئابڕت) لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێت: " بەو پێشنیارە ڕازی بووم، بەیانی سەعات نۆ لەگەڵ دکتۆر کەهران و دوو پێستەچیە ئێرانیەکانم ڕوومان کردە دەروازەی گەورەی شار"، بەڕام ئیقبال ئەلدەولە کەوتە گوللە باران کردنیان و ناچاری کردن بگەڕێنەوە، شێخ کە بەمەی زانی داوای لە (ئابڕت) کرد بەگەنامەیەکی بداتێ تا لە دواڕۆژدا بەبەگە دەرکەوێت کردەوەکەی شێخ تا چ ڕادەیەك پیاوانە و مەردانە بووە، بەڕام ئابڕت خواستەکەی بەجێ نەهێنا.
تورکیا بەوپەڕی ئاگاییەوە دەیوانیە تەشەنەکردنی ڕووداوەکان لە ئێران، تورکیا لەسەرکەوە کە بێ سوودی خۆی دەگەڵا یارمەتی پێکهێنانی ڕاپەڕینەکەی دەدا دژی ئێران، لەسەرکی تریشەوە لەسەرکەوتنەکانی کورد دەسەمیەوە، لەبەرئەوە هەر لەسەرەتا کە بزووتنەوەکە لە خۆکردنەوە دابوو، ئەستەمبوڵ کەوتە خۆئامادە کردنێکی جەنگی تەواو، هەر لە ڕۆژانی ڕاپەڕینەکەدا هێزی جەنگی عوسمانی لە ئەرزوروم کۆبوونەوە.
لێدانی ڕاپەڕینەکە لەلایەن ئێران بە هاوکاری دەوڵەتە بێگانەکان لەم دۆخە ناهەموار و ئاڵۆزەدا حکومەتی ئێران بەهەموو جۆرێك هەوڵی دەدا بزووتنەوەکەی کورد لەناوبەرێت، بەفەرمانی ڕاستەوخۆی شا هێزە سەرەکیەکانی ئێران بەسەرکردایەتی گشتی ئیعتماد ئەلسەڵتەنە بەرەو تەورێز کەوتنەڕێ، بەشێکی تری هێزی سوپاش بەسەرکایەتی حەمزە میرزا حیشمەت الدولە، لە 4ی تشرینی دووەمی 1880 لەتارانەوە کەوتەڕێ، ژمارەی هێزە بەیەك گەیشتوەکانی ئێران 20.000 هەزار سەرباز و 20 تۆپخانە و 12یان تۆپی کرۆپ، بوون. ئەفسەری ئەوروپایی

(نەمساوی) لەگەڵ ئەم هێزەدا بوون، بەقسەی زۆر سەرچاوە ئەو هێزانەی لە تارانەوە هاتبوون لەلایەن ئەفسەرە نەمساویيەکانەوە مەشقیان پێ کرابوو، چەندین هێزی تر بەرەو ناوچەی شەڕەکە هاتن، لەو کاتەدا هێزەکانی کورد گەمارۆی تەورێزیان دابوو.
ئێران داوای پشتگیری کۆمەکی سەربازی ڕووسیای کرد دژی کوردەکان، بەو باوەڕەی ئەو سەرهەڵدانە ئەوەی چاوەڕێ دەکرێ زۆر گەورەتر دەگرێتەوە و بۆ سنووری ڕووسیاش بڵاوبێتەوە، ئێگا بەهێزەکانی ڕووسیا دەدرێت لە خاکی ئێراندا مانێ بکات بۆ ئەوەی شۆشەکەی کورد دامرکێنێ.
هاوزەمان لەگەڵ ناردنی هێزەکانی دەرباری قاجار بۆ شەڕەکە، تەقەللا دیپلۆماسیيەکانی شا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، کاتێك هێزی کورد هەڕەشەی لە تەورێز کرد، تەنگەتاوی دەوڵەتی شای ئێران گەیشتە ئادەیەك هاواری بردەبەر هەردوو دەوڵەتی ڕووسیا و ئینگلیز بۆ بڵاوە پێکردنی جوڵانەوەی کورد داوای یارمەتی و پشتگیری لێ کردن، تزاری ڕووس هات بەدەنگ بانگەوازی شاوە و بۆ ئەوەی جوڵانەوەکە لە چوارچێوەی خۆی نەترازێ و ناوچەی تر نەگرێتەوە سوپای ڕووسیای لەسەر سنوور مێڵ دا، ئەلیکساندەری دووەم فەرمانی دا بەهێزەکانی ڕووسیا لەقافقاس بچنە سەر سنووری ئازەربایجانی خواروو، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بەقازانجی ئێران خۆیان لە شەڕ هەڵقورتێنن، کاربەدەستانی چار کە ئەرکی دڵستایەتی سەرشانیان بەرامبەر حکومەتی شا بەپێویست دادەنا، هێزێکی گەورەیان لە نەخچەوان لە نزیك سنووری ڕووسیا و ئێران بەسەرکایەتی ئەلخازۆف کۆکردەوە. لە ئەنجامدا کوردستان وەك قەڵەمڕەوێکی داخراو بۆ هەر سێ سوپاکەی ئێران و تورکیا و ڕووسیای تزاری مایەوە.
ژمارەیەکی زۆر قزاقەکان گەیشتنە نەخچەوان و بۆ جولفا، پێدەچێت ڕووسیا تەعزیزاتی زۆری لە زەخیرەی جەنگ بنرێت بۆ قارس، ڕووسیا مەترسی ئەوەی هەبوو ئەگەر یاخی بوونی کوردەکان بە کوردستانی تورکیا و ئێرانەوە سەربکەوتایە و ئەمارەتێکیان پێکبهێنایە، ڕووسیا دوژمنێکی یەکجار گەورەی بۆ پەیدا دەبوو، لەنزیك قارس و بایەزیدەوە بەرەنگاری بوایەتەوە، ئامادەبوو دەوروبەری ئەلیکساندەر پول و تفلیس کاول و وێران بکات، لەبەرئەوەی حکومەتی ڕووسیا ئیوشوێنی خۆپاراستن دانا، بەرامبەر هەر ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو.
شای ئێران هەر بەوەش نەوەستا خۆی بۆ لێدانی بزووتنەوەکەی کورد ئامادە بکات، بەڵکو پەنای بردە بەر ڕووسیا و بەریتانیاش، بەو نیازەی بەجووتە زۆر لەتورکیا بکەن ڕێ و شوێنێك بدزێتەوە بزووتنەوەکەی کوردی پێ لەناوبەرێت. لەلایەکی تر گەلەکۆمەکی

دیپلۆماسی، ڕووسی، بەریتانی، ئێرانی لە ئەستەمبوڵ توانی بابی عالی ناچار بکات، هێزەکانی خۆی لە موش، بدلیس، ئەرزروم، ئەرزنجان، وان کێبکاتەوە و بەرەو هەکاری و مەبەندەکانی ئاپەینی بنێرێ، شوێنە ستراتیجیەکان بگرن و سنووری ئێرانی – عوسمانی قایم بکەن.
تەیمورخانی سەرداری ماکۆ بەگەرمی خۆی بۆ لێدانی ئاپەینەکەی کورد ئامادەکرد، تاڵادەیەکی زۆر هەموو هێزە جەنگیەکانی خانێتی پێ چەك کرد، مینۆرسکی لەو گەشتەیدا کەبەخانێتی ماگین دا کردی لە ئاپۆرتەکەیدا دەنووسێت: "لە منداڵ و پیاوانی پیری بەتەمەن بەولاوە کەسی تر نەماوەتەوە"، جگەلەمەش تەیمورخان زۆری لە دانیشتووانە ئەرمەنەکان کرد بەشداری پەلاماردانەکەی کورد بکەن.
شێخ کەبیستی تەیمورخان بەلەشکرێکی پێنج هەزار کەسەوە لە سەماسەوە بەرەو ورمێ کەوتەتە سوپایەکی دوو هەزار چەکداری بەسەرکایەتی موحەمەد سدیق ناردەسەر، بەڵام تەیمورخان توانی ڕێگاکەی خۆی بگۆڕێت و لە ڕێگایەکی ترەوە بەرەو شاری ورمێ بڕوات، ئەوسا شێخ عوبەیدوڵڵا ناچاربوو ڕووبەڕووی تەیمورخان بووەستێ.
سەرەتای شکستی ئاپەینەکە
پێکداهەڵپژانی خۆناوی لەنێوان سوپای ئێران بەپشتگیری جاشە دەرەبەگەکانی ئێران بەسەرکردایەتی تەیمورخانی سەرداری ماکۆ و لەنێوان کورد ڕوویدا، لەیەکەم بەیەکداچوونداً لە نزیك (بیلاوی) شێخ عوبەیدوڵڵا تووشی نەهامەتی هات، لە 19ی تشرینی دووەمی 1880 هێزەکانی شێخ لە ورمێ کشانەوە. شێخ ناچار بوو بەهێزەکەیەوە بەرەو جانیسقەڵا بگەڕێتە دواوە. دوای ئەو شەڕانە شێخ عوبەیدوڵڵا ناچاربوو ڕوو بکاتە کێوە سەختەکانی کوردستان. دوای هێرش و تێکهەڵچوونی دژوار و خۆناوی، بۆ ماوەی نزیکەی (22) ڕۆژ لە (12-11- 1880) هێزەکانی کورد بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا لە قۆڵی ورمێ بە تێکشکاوی بەرەو مەرگەوەڕێ و برادۆست پاشەکشێ دەکەن، تەیمورخان شوێنی کەوت، لەڕێگاش کەوتە ئازاردان و تاڵان کردنی دانیشتووە بێ دەسەڵاتەکانی کورد و ئەرمەن و ئێرانیەکانی ورمێ.
ئاپەیوەکانی تریش ئەوانەی بەرەو سابڵاخ – تەورێز دەڕۆیشتن کەوتنە دەخێکی ناهەموار و تەنگانەیەکی پێ ئەندێشەوە، کاربەدەستانی ئێران بۆ بەزەییانە تێەیان لە کوردەکان سەندەوە. هەوڵی داگیرکردنی (موراغا)شی دا لەدواییدا بەبۆنەی شەڕی ناوخۆوە نەیتوانی هێرش بکاتە سەر تەورێز و هێزەکەی پارچە پارچە بوو. لە12ی تشرینی دووەم 1880 هیزەکانی شیخ قادر و هەمزاغا کشانەوە، لەو کاتەدا لەشکری کورد 1500 کەس زیاتر نەبوو، چونکە زۆرایەتی خێەکان ڕۆیشتبوونەوە بۆ ماڵەکانیان بەو تاڵانیەی دەستیان

کەوتبوو لە میاندواو.
خەڵفرێشتنی سەرکە کوردەکان، ئاکردن و بەجێ هێشتنی هێزی ئاپەڕیوەکان شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای ناچار کرد خۆرا بگەڕێنەوە بەرەو دواوە، هێزی ئاپەڕیوان زیانێکی زۆریان لێ کەوت.شێخ عەبدولقادر لەو نامەیەدا بێ باوکی نارد هێی سەرەکی لێ قەومان و ژێرکەوتنەکەی دەباتەوە سەر خەڵفرێشتنی سەرکە کوردەکان،" هەندێك لە پیاوەکانم وازیان هێنا و لایان دایە لای دوژمن، هەر لەبەر ئەمەش تووشی نەهامەتی هاتین، پیاوەکانم ئارەزووی هەڵاتنیان هەبوو، ماوەی چەند ڕۆژێك هەوڵم دا دەست بەسەر ئەو کەموکوڕییەدا بگرم، ئەگەر ترس و لەرز داینەگرتنایە ئەوە لەسەرخۆ و بەئاسانی دابین دەکران."
ئەو زیانەی ساڵی (1880) لە ئاپەڕیوەکان کەوت، بەزۆری بەهۆی ئەو سەرێك عەشرەتە کوردانەوە بوو، تەنیا جەردەیی و تاڵانی کردن هانی دابوون بۆنە ئیزی ئاپەڕینەکەوە، دڵخی ئاپەڕینەکەش هێندەی تر بەرەو نووشوستی چوو، لەئەنجامی ئەوەی چەند دەرەبەگێکی کوردی بەشداربووی ئاپەڕینەکە ئامانج و مەبەستیان تەماع و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بوو.
دوای کشانەوەی شێخ عوبەیدوڵا لە ورمێ ئێرانیەکان دەستیان کرد بە سوتاندنی گوندەکانی کوردە سونیەکان لە 13 و 14ی تشرینی دووەمی 1880 چەندین هەزار لە هێزی نیزامی و هاوڵاتیان ڕێشتن بۆ باڵۆ و تاڵانیان کردووە، ماڵەکانیشیان ئاگرتێبەرداوە، وا باس دەکرێ 50 کەس لە دانیشتوانە نێرینەکان سەربڕدرابن، ئەو هێزەی بەدوای شێخدا چوو دزیبونیەوە، زۆر لەکابرایەك کرابوو کەللەسەری کوڕە کوژراوەکەی بکات بەدامێنی جلەکانیەوە و بەناو کەمپەکەدا بیانگێرن و پیشانی خەڵکی بدات، پاشان سەربازە ئێرانیەکان تەجاوز و خراپەکاریان کردە سەر گوندی تریش. خراپەکاری و تەجاوەزی زۆری هێزە ئێرانیەکان لەورمێ و ساباخ دا، بۆتە هێی ناڕەزایی سەفیری تورك لەتاران بەرامبەر حکومەتی ئێران.
هێزەکانی ئێران بەدرێژایی ئەو ڕێگاوبانەی پێیدا دەڕۆیشتن گوندەکانی کوردیان تاڵان دەکرد و دەسوتاند، هەر کوردێکیان بەردەست بکەوتایە دەیانکوشت، بەزەییان بە منداڵ و ئافرەت و پیرەکاندا نەدەهاتەوە، هێزەکانی سوپاسالار کەلە تارانەوە نێردرابوو، گەلێك لە گوندەکانی دەوروبەری سنەیان سوتاند، بەوتەی ڕۆژنامەی (وەقت) سوپاسالار فەرمانی دابوو هێزەکانی بەزەییان بەکوردا نەیەتەوە و گوندەکانیان بسوتێنن و هەرچی گەنم و جۆیەکیان هەیە لەناوی بەرن و بەبرسیەتی بەجێیان بهێڵن.
پیلان گێڕانی مەزنانی کورد و شکانی هێزی کوردان

ئەم مەزنانەی کورد ژەربەژەر و بەنەهێنی لەناو خەیاندا بەیاریاندا بوو شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا بگرن و بیاندەنە دەست ئیعتماد سەلتەنەت، ئەوانیش بە پیلانگێران زانی و لە نیوەشەودا بەچل سوارەوە هووە و سابلاغ بەجێهێشتن، دووسێ هەژە لە سابلاغدا مانەوە و دوایی عەبدولقادر و هەزەکەی هوویان کردە مەرگەوەە، لەگەڵ باوکی بەیەك گەیشتەوە. هەژی (10- 11- 1880ز) دوو سەعات دوای خائاوا بوون، شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای مەنگوڕ، لە سابلاخ چوونەدەرێ و هەر ئەو شەوەش بەدوایاندا نزیکەی (500) خەزانی سابلاخی بەخێیان و ماڵ و منداڵەوە لە سابلاخ دەرچوون و هوویان لە (سەردەشت) و (بانە) و شوێنە سەختەکانی تر کرد. تەقەی تفەنگ و دەمانچە و هاوار و ناڵەی ژنان و منداڵان و هاتوهاواری سەیر و سەمەرە، لەسابلاخ و دەروبەری هەڵدەستا، و تا بەرەبەیانی ئەو شەوە هەر بەردەوام بوو. کەژ بووەوە، لە ئاماری (1400) بنەماڵە، تەنیا (300) خەزان لە سابلاخدا مابوونەوە، کەشك و تەلاری ماڵان لە گژستان دەچوو. شێخ عوبەیدوڵڵا و عەبدولقادر و محەمەد سدیقی کوڕی لەگەڵ هەندێ لە هەزەکانی لەمانگی (ذی الحجەی 1297 – تشرینی دووەمی 1880) لەسنوور پەینەوە بە ناو خاکی عوسمانی و گەانەوە بە ناوچەی شەمدینان. هەمزاغاش هووە و لاجان بە ئەلەکەی خەیەوە چووە ساری قامیش، کەجێگایەکی سەخت و هەژموتە، قایمکاری دامەزراند، عەبدوڵڵاخانی زەرزا و مەزنانی تریش هەریەکەیان هووی لەلایەك کرد و هەندێ لەسەرانی موکری لەوانێ خانباباخان و قادرئاغا و گوڵاوی ئاغا و ئەحمەد بەگ هاتنێ لای لەشکری ئێران و هەریەکەشیان پاکانێ و پەزش و تاوانی خەی هوون کردەوە و داوای لێبوردنیان خواست. بەهام خان بابا خانی کوڕی مەجیدخان کوژرا. لەبەرئەوەی ئەو گوندەی لەشکری ئێران ناردرا بە پاراستنی لەو گوندەوە تەقە کرا بوو، هەندێ سەربازی ئێرانی کوژرابوون، لە ئەنجامی ئەوەش ئیعتماد ئەلسەتەنەش بەمبارانی گوندەکەی کرد و خانیشی سەربەی،اپەینەکەش شکستی هێناو تەنانەت نەیتوانی ناوچەکانی سنە و کرماشان بگرێتەوە کە بەشێکی گرنگ و فراوانی کوردستان بوو.

میستەر تێمسن دەڵێت: ئێستا هیوای حکومەتی ئێران بوژاوەتەوە بەوەی بتوانێت لە هەگای گفتوگۆوە یەکبوونی کوردەکان بترازێنێت و لەت لەتیان بکات، ئەم هیوایەش لەو ناهەکیانەوە دێت، ئێستا لەناو کوردەکاندا دەرکەوتووە هەندێ لەو کوردانە شێخیان بەجێ هێشت و حەز دەکەن بگەڕێنەوە بە وڵاتەکەی خەیان بە لای شا.

کشانەوەی هەمزاغا و هەزەکەی بە سنووری عوسمانی

پاش ئەوەی هاپەینەکە شکستی هێنا و کشانەوە شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخ عەبدولقادر چوونە خاکی تورکیاوە، زەربەی عەشرەتە کوردەکانی ئێران

ملکەچی خۆیان پیشانی شادا، عەشرەتی مەنگوڕ بەسەرۆکایەتی هەمزاغا لەمەیداندا مایەوە و دەستبەرداری بەرهەڵستی کردن نەبوو، ئەو عەشرەتەی لەسەرەتای ڕاپەڕینەکەوە لەگەڵ کاربەدەستانی ئێراندا نەگەیشتە یەکاڵاکردنەوەیەکی مام ناوەندی، شا هێزێکی چوار فەوجی سوارەی نیزامی بەسەرۆکایەتی عەلی خانی ئەفشار نارەدەسەر ئەم عەشرەتە مل نەدەرە، سەربازە ئێرانیەکان گوندەکانی هەمزاغایان وێران کرد، گەلێك لە کوردەکانیان کوشت و بەدیل گرت، بەوتەی هەواڵ نووسی هێزەکانی ئێران، هەزارەها وشتر بە باری گرانی تاڵانیەوە لە گوندەکانی عەشرەتی مەنگوور بەدی دەکران.
هەمزاغا لەگەڵ چەند چەکدارێکی کوردا خۆی گەیاندە ناوچە شاخاویەکانی سەرسنووری تورکیا -ئێران، لەوێ کەوتە خەباتی پارتیزانی، هەمزاغا شەبەیخونی لە هێزە پێشەوەکانی ئێران کرد و ترس و لەرزی لەناویاندا بڵاوکردەوە.
هێزەکانی دەوڵەتی ئێران لە قەڵای موکریان، دوای پاشکشە پێکردنی هێزەکانی کورد لەناوچەکانی : میاندواو، موکریان، ڕۆژی دووشەمە (22- 11- 1880ز) هێموو بۆئامادەبوونی (میرزا حسین سوپاسالار) لە گوندی (قەرەقشلاق)ی نزیك سابڵاغ، یەکیان گرتەوە، و ڕۆژی سێ شەمە (23- 11- 1880ز) لە قەرەقشلاق کۆبوونەوەیەکی بەربڵاوی سەربازییاندا لە قەرەقشلاق بڕیار دەدەن ببن بە دوو بەشەوە، بەدوو قەڵەدا بچن بۆ شوێن کۆتنی هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخ عەبدولقادر، لە قەڵای (مەرگەوە) و هێزەکانی هەمزاغای مەنگوڕ، لەناوچەی لاجان و سەردەشت، هێزی یەکەمیان بۆ سەرکردایەتی (حیسامولمولك) بۆ قەڵای مەرگەوە، هێزی دووەمیان بەسەرکردایەتی (حەسەن عەلی خانی گووسی) پێکهات، ئەوەشی دەمەنتەوە، بۆ سندوس (نێوان سابڵاغ و شنۆ) بگوێزرێتەوە.
ڕاپەڕینەکەو بەند و باڵاوەی دوژمنانی
دوژمنانی کورد بۆ کەم کردنەوەی بایەخی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد هەمیشە بەندوباڵاوەی ئەوەیان لە داوە، ئەم شێوانە بە دەستکیس و پیلانی لایەنی تر دروست بووە، تائێستاش بەردەوام لەی دەدەنەوە، گوایە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەستنێژی ئینگلیز و ئەمریکایی و سەهیۆنیزم و ئێران و سۆڤیەت و گەلێك لایەنی دیکەن، تائێستا لە زمان بەگەنهێنیەکانی حکومەتی بەریتانییەوە ڕادەی بە ویژدانیی ئەو جۆرە بوختان و تۆمەتانەمان بەڕەی توانا نیشان دەدەن، یاخود ناو ناتۆرەی ناشیرینیان دەربارەی بڕاو کردۆتەوە وەکو کوشتن و تاڵانی و ڕاو و ڕووت کردن، لە 3ی ئابی 1880 مستر گڕشن بۆ ئێرل گرانڤیل دەنووسێت:" دەربارەی مەسەلەی کوردەکان لە ویلایەتی وان دا، زۆر کەم مەسەیەك هەبووە ئەوەندە قسەم لەسەر کردبێ، لەگەڵ

عابدین پاشادا ئەوەندەی پێویستی مامەڵە کردن بەتوندی لەگەڵ ئەم باندە ڕووتکەرەوانەدا، من زۆر جار گەڕاومەتەوە بۆ ئەو ڕاپۆرتە بەردەوامانەی پێم دەگات دەربارەی ئەو تاڵانیانەی دەکرێن، ئەو سیستەمەی بابی عالی پەیڕەوی کردووە لەوەڵامدا ئەوە دەردەخات پێوەنانێکی زۆر هەیە، بەو ڕاپۆرتانەی بەمن و خەڵکی تریش دەگەن، بەڵام ئەو سەرپێچی کردنانە کە ڕووی داوە پێویستە بخرێتە پاڵ ئەو باندانەی سنووری ئێرانیان بەزاندووە، سوپاس بۆ خوا لەویلایەتەکەدا تائێستا هیچ شتێك ڕووینەداوە شایانی باسکردن بێ، زیاتر لە هەموو کاتێ کەسانی نیەت خراپ هەوڵ دەدەن ئاسایی ترین شت زل بکەن، ئێمە هەوڵ دەدەین سروشت و گرنگی هەر حاڵەتێك بەبێ دواکەوتن بۆاو بکەینەوە. شەوی پێنج شەمەی ڕابردوو دەنگێکی گەورە پەیدابوو دەربارەی حاڵەتێك کە 800 سەر مەڕ دزراوە، بەخێرایی دوو تابور نێردرا بۆ لێکۆڵینەوە، بەپێی شایەتی قەشەکانی کڵاسە ژمارەی مەڕە دزراوەکان کەم کراوەتەوە بۆ 30 سەر، ئەمە سیستەمی پێوە نانە. لەکاتێکدا کاربەدەستانی کونسوڵخانەکانی ڕووس ە بەریتانیا ڕاستیەکانیشیان زانبیوە، بەڵام هەرگیز درێغیان نەکردووە لەبۆاوکردنەوەی ئەم تانە و تەشەر و بەند و باوانە بۆ بەدناو کردنی کورد و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵاش بەهەمان شێوە لە کاردابوون بۆ بەدناوکردن و گومان خستنە سەر ڕاپەڕینەکە.

ماویەتی ……

چرای ئاوات … شیعر/ سەرحەد شوکری

بۆ / دکتۆر کەنعان مەدحەت

سەرسوماوم نازانم چۆن بانگت بکەم هۆ ئەسزادی گەرمیانی
چ نورێ بووی کە دەرکەوتی لەشەوزەنگی کوردایەتی!
دەفرەشەرێین وهەموو دەگرین دەناڵێنین شین و واویلامانێ
کوشتەی دەستی غەدرو خیانەتی ئەم گورگانە دوو پێیانە

لەسەردەمی رەم و فارس تامەلەکەی و جووت حیزبەکە
ئەمە مەو شەوان گورگ و قەسابەکان بەمان دەکوتن تەنەکە
لە چ شەوکی دەیجورا خەری ئاواتی شەشت وا تاوی سەند
پەویسەتمانی رزگارمان کە لەم خەرابا تەو کەسپ و کەند
نوری بینایی پیرەمەرد، هەتیوی روت و رەجاڵ و بەوەژنانی بەکەس
خنکاو پەل دەکوتە بە چەك، تاوەکو بەتە هانای وەك فریادەس
ئەم شەیعرە وەفاو خەباتە بە هیمەت و هیوای بەرزت باڵا چنار
کەی دەژین وەك مرۆف ئەمەش دوور لە دەك و واشەو زەردار؟

ئەڕە 48 کاتژمەرەکە چی رویدا ؟...عەلی مەحمود محەمەد

سەرەکی رەکخراوی تەندروستی جیهانی وتی" پەپاگەندە چەواشکاریەکان لە کەرەنا مەترسیدارترن", رەك لە کوردستان لەسایەی حکومەتی وەك کابرای درەزن وامان بەسەر هات, کە ماەکەشی سوتابوو, هاواری دەکرد سوتاین کەس باوەی پە ناکرد, چونکە سابیقەی درەی باش نەبوو.بە پەی راگەیاندنی حکومەت بەت 48 کاتژمەرەکە بە کنترەکردنی شونەوارکانی پرسەکەی گەەکی کارەزانی شاری هەولەر کە 32 کەس تووش بووەو 8 میوانی سلەمانیشیان هەبووە, ئەوان بەدوای بەرکەوتەکاندا موعتەجەولیان راگەیاندووە, ئەمە لە نەورەز رویداوە, لە ماوەی 15 رەژی دواتردا بە پەوەری جیهانی بەت, دەبەت ژمارەیەکی زەر هاووەاتی توش بوبەت, چەند بەرابەری ئەو ژمارەیە, لە بەهەی نا رەشنی زانیاریکانی وەزارەتی تەندروستی و نە ناساندنی توش بووان بە خەك , نازانین کە و کام دراوسەمان کەرەنای لە باخەدایە, ئاخر چەن بزانین بەرکەوتەین یان نا؟, چینی و سەنگافوری و کەریەکان بەرنامەی مەبایلکەیان وا ریك خستبوو, کەسی تووش بوو لە کوبوایە, چی بکردبایە دەورەبەرکەی ئاگاداری هەنگاوکانی بوون , لە لای ئەمە هەر ژمارەیەو زیاد دەکات نە ناو و نە گەك نەزانراون .
با واز لە حکومەتی درەزن بەنین, بینە سەر پەوپاگەندەی خەکی راستگۆ, ئەو 48 کاتژمەرە بووە گرەوکی قورس, هەهەنانی پەویستی

بۆ پیاوی قاوە خۆر هەبوو, هەر بابایەو نوسینەك یان گرتەیەك بۆاو دەکاتەوە وەك هەنگی لە دارا دەزیبەتەوە سەی 48 کاتژمێرەکەی ئاشکرا کرد, هەمانە باوەی بە هەموو کرد جگە لەوەی حکومەتی درزن, یەکەك دەەت گازی سارین دەەژن , باشە سارین گازکی کیمیاوی مرۆڤ کوژی کوشندەیە, بیەژن خۆ کەسمان دەرناچین,دەبوایا پڕۆ شۆو فاتیحایان بۆمان بخوێندایە, هەموومان ئێستا بمردینایا, کاکی دی دەەت تەی ئێنتەرنێتی 5 جی تاقیدەکرێتەوە, باشە کاکە 5جی تاقیکراوەتەوەو وا لە زۆر وڵاتان وەك چاینە و کۆریاو ژاپۆن و ئەمریکاو مەناکەو بەلجیکاو ..... کاردەکات, کار لە تاقیکردنەوە نەماوە.., دواتر ئەمەی کورد چ کارمان بۆو تاقیکردنەوەیەوە هەیە, خۆ نەك عامود دارکیشمان بۆی نەچەقاندووە, یەکەك دی دەەت ڕووە داعشکیان هەناوە بە قڕەچوغ و لەوە جگیرکراون, کاکەکی دی فلیمی دەیان تەنکەرمان بە دەگرەت بڕۆو خازر دەەن دەەت ئەمە نهێنیکەیە, ئیشکە دزیەو هیچی دی نییە, هەر بە راستیش تانکەر نەوت قونیان ناوە بە یەکترەوە و ملی خۆیان بۆم هەرزانی بازاڕی نەوتە شە کردەتەوە, دەەی فیلن و لە شەی تێرە ئەبابیلە تەکە شکاون , هەر شتەکیش باسی نەوت و تانکەر و دزی پەکەوە تیا بێت بە سانایی رستەکەی پە دروست دە کەین و لای ئەمە غەریب نییە لە گەیدا راهاتوینە.باشە ئەمەی نەگبەت کە لە کونی ماەوە خۆمان لە کەرنا شاردەتەوە, ئاگامان لە زۆاڵ نییە, گوناح نیین لەم بارودۆخە ناخۆشە, بۆم هەموو چیرکە دڕێە مەشکمان هیلاك دەکەن, باوەڕ بە کامیان بکەین؟؟؟, تکایە ڕەحمکمان پە بکەن.
هەشتا 48 کاتژمێر تەواو نەبوەو خوا ڕەحمان پە بکات.

شەک … نەوزاد بەندی

چی ئەەی ؟چی ..
دوای گەانێ ،
خوێندەوارکت دەتێ ەە ،
شیعر ئێنووسێ ..
بۆ تاوێ لای دادنیشی ..
وا ئێزانی سوهراپت دەزیوەتەوە
سودفی فروخت کردووە ..

ئەو هەر سەرقاڵی ووشەیە و
تەیش بە ئیشی ..
★ ★ ★
کە سەیر ئەکەی ،
هەر تاوەکە و ..
لە پە تەپ وتەزی شیعر ،
لە ڕوخساری ئەتەکێنێ و
ئەشواتەوە ..
کانزایەکی ڕەق ..ژەنگاویی ،
دەردەکەوە و ..
لە مەرکانە قەوزە گرتووەکەی
چەند ساڵە ،
تا ئەتوانێ ئاوی لێ و
سەرە مەکوتە ئەخواتەوە ..
★ ★ ★

قەت ڕووی داوە ،
کلیلی کتێبخانەکەت
دابە بە ڕەشنبیرێک و ..
کچی قاچاخچی بووبێت و
کتێبەکان لە داخانا
یەک یەک خەیان سووتاندبێ ؟
قەت ڕووی داوە ،
لەناو شەقامی شیعرەکا ،
لە پەا کافیتریایەک ،
وای لێکردبی پۆلیس
بانگهەشتی کوپە شیعر کەی ،
کوپە قاوە لە داخانا
یەک یەک خەیان شکاندبێ ؟؟

★ ★ ★

قاچاخچیەکەم ..
پۆلیسەکەم ..
با ئەمە ئەهلی خەیاڵ و
ئەوە ئەهلی خزمەت و
ڕاستی و چاکە بن ..
ئیتر قەت یاسا ناشکێنم ،

ئەو خەریکی کەلەپچە و
فیشەک و
باری قاچاخ و دەسکەژ و
هاکە هاکە بن ..
منیش بە دیار دەرکەوە ،
چی ووشەیە خەرجی ئەکەم ،
تا ئەگەمە دنیای دەروون ..
ئەوەی ئەوە لەی ئەترسن ..
زەق زەق تەماشای ئەکەن و
پە دەمیشتان بنەشت ئەجوون

تکایە جەنابی وەزیر: ئەوەندە قسەو هاتووچۆ مەکە! … د. زاهیر سوران

ماشائەڵا لە گەورەیی خودا، تێنەگەیشتن و بێتوانایی میللەت و کوالێتی باش و بەرزی نەخشانەکانمان، پشێلکردنی زەقی مافی نەخش لە دابینکردنی سابون وتەوالێتی پاکژدا. بەڕێزان لەم کاتەدا خەڵکی دونیا بە گشتی حەزناکەن لە شاشەکانەوە هووخساری کاربەدەستانی حکومەت ببینێت، باشترە خۆتان دووربخەنەوەو خۆتان بپارێزن لێی . یەکێك لە هاوپیشەکانم دوێنێ نامەیەکی دەنگی بۆناردم، بەپێی قسەکانی ئەو، نەخشانەی رزگاری هی زەمانی سەدامە کە دروستکراوە، زۆرم پێ ناخۆش بوو لەبەرئەوەی قسەکانی هەق بوون، ئێمەش هەمیشە چیکلدانەمان گچکەیەو قسەی هەقمان پێ ناخۆشە، گەر دەسزو خەمخۆر بیت دەبێت شەوەکەی نەخەویت وهەوڵی چارەسەرکردنی بێ بدزینەوە. بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە هەمیشە پزیشك حەزی لە نەخۆشخانەو قاوشی پاکوخاوێن، ستافی باش، ئازا، بەتواناو کارخۆشەویستە وەڵێ پێویستە خاوەنکاریش کەلوپەلی پێویستی رۆژانە بێ کارمەند (تووشی قایرۆسەکە نەبن) و نەخۆشەکان دابین بکات و هیچ کامێکیان فەرامۆش نەکات ، ئەو فیلمەی کە دوێنی بینیم راشکاوانە دەڵێم شۆکی کردم لەبەرئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- لەو قاوشەدا یەك كارمەندی تەندروستی تیادا دەرناكەوێت نە لەدوورنە لە نزیكەوە تێنانێت لە ڕاڕەوەكەشدا كەس دیار نییە ،ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت كە ئەو چەند نەخۆشە چاودێریكەرێكیان نەبووە بگرە بۆ كاتی پۆیست دوگمەی زەنگی ئاگاداركردنەوەشی تێدا نەبوو. هاوكات مانای ئەوەیە كە نەخۆشخانەكە ستافی پۆیستی ئامادە كراوی بەردەستی نییە كە ڕێگری دروستبوونی كارەسات بكەن.
٢-لەم كاتەدا هەموو كارمەندانی تەندروستی هاواردەكەن كە ڤایرۆسەكە لەسەر نایلۆن، شوشە، تەختە…تاد چەند كاتژمێرێك تا چەندین ڕۆژێك دەمێنێتەوە، گەر كارمەندانی نەخۆشخانە دڵاب و بە جیا مۆزی نێو ژوورەكانیان نەكەن ئێ باشە بۆچی ئەو زبڵە لە سەرئەو زەویە دانرابوون ؟ ئایا دەزانن مەترسی گواستنەوەی ڤایرۆسەكە هەر لە نێو ژوورەكاندا بۆ ستاف چەندە ؟.
بەڵێزان، گەر بە مەبەست و بۆ ناشیرینكردنی نەخۆشخانەكە ڤیدۆكە تەماركراوە بۆ زەندەق بردنی خەڵكی دەرەوەی نەخۆشخانە ڤیدیۆكە كراوە ئەوا دەبێت پاش چاكبوونەوەی ئەو نەخۆشە بدرێتە دادگا. گەر ئەو وێنە ڤیدیۆیانە ڕاستیشە دەبێت بەڵێوەبەری نەخۆشخانەكە لێپرسینەوەی لە گەڵدابكرێت هەرچەندە هەموو نەخۆشێك مافی خۆی هەیە بەڵام ئەركی سەرشانیانیش هەیە كە دەبێت ڕاستگۆ بن، نابێت كەسانی دی تووشی نەخۆشییەكە بكەن هاوكات پرۆپاگەندەی پلان داڕێژراوە بۆ ناونەكەنەوە بۆ ڕووخاندنی وەرەی دانیشتوان ودژی كارمەندانی نەخۆشخانە و حكومەت.
٣-ئەوەی سەیرە لەلای من ئەوەیە بۆچی ئەو نەخۆشخانە گەورەیە ئامادەكراوە بۆ نەخۆشانی كۆرۆنا ؟ گەر بەڵێوەبەری تەندروستی هەولێر گومانی ئەوەی كردبووكە لەناكاو ڤایرۆسەكە خۆرا بڵاوەبێتەوە و پۆیستی بە ٤٠٠ قەرەوێڵەیە بەو شێوە خراپە كە دەبینرێت (ئەی چی دەكەن بۆ پشانگا نێو دەوڵەتییەكەی هەولێر) تا ئێرەباشە. ئایا سەرچاوەی ترس و گومانەكەی لە كوێوە دروست بوو؟ گەر وایە ئایا (بە لایەنی كەمەوە) ٤٠ پزیشكی كارامە، ١٠٠ پەرستیار، ٥٠ یاریدەدەری خزمەتكردن وهاوكات گواستنەوەی نەخۆشەكان،٢٠-٤٠ كارمەندی ستافی ئەمباركردن ودابەشكردنی كەلوپەل كارمەندانی بەشی تیشك ئەوە جگە لەستافی بەشی خۆپاراستن و پاكوخاوێنی نێو نەخۆشخانە و كارمەندانی بەشی چێشتخانەیان ئامادەكردووە، بیریان لەو ڕاستییە نەكردبووەوە ئامادەكردن و دابینكردنی ستافی تایبەت و پێداویستییەكانی دژی ڤایرۆسەكە پێش ئامادەكردنی نەخۆشخانەكەبوو، دەنا یارمەتیدان و چاككردنەوەی نەخۆش كارێكی ئاستەمە زۆر جاربە پزیشك ناكرێت.
٤- نەبوونی تەوالێتی كورسی (غەربی)، سابوون و ئەلكهۆلی

پاکژکردنەوەی دەستی نەخۆش، کاخەزی دەست هیشککردنەوە وکیسەی خۆ کڕکردنەوە لەپێش هەموو شتێکەوەیە، دووش (گەرماو) واتە شۆنی خۆشتن هەر زۆر پێویستن و بەشێکن لە ڕێنماییەکانی پاکوخاوێنی نێو نەخۆشخانە، لێرەدا بەشێکی سەرەکی مافەکانی نەخۆش وەلانراوە.

هەڵەی هەموو وەزیرەکان و بەرپرسانی تری بەشی کۆینی هەموو وەزارەتە یەك لە دوا یەکەکانی تەندروستی بایەخ نەدان و پشتگوێخستنی کۆینی پێداویستی گرنگی نەخۆشخانەکانە، ئاسانترینیان چەرچەف بووە بۆ شاردنەوەی ئەو هەزاران هەزار بەتانییە ناشیرینە هەنگاو ڕەنگە مەترسیدارە تووکنەیە کە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە دەردەکەن لەبەرئەوەی دڵی مرۆڤی ساخیش سەخڵەت دەکات، هەرچەندە لە نەخۆشخانەکانی دنیادا بەتانی زەرد یان شین هەیە، بەڵام بەرگی ئوتوکراوی قوماشی تۆگیراوە، پاکو خاوێنتر، جوانتر و دڵکراوەتر دەردەکەون بۆ خودی نەخۆش ومیوان و ئێنجا بۆ کارمەندانی تەندروستی.

بەڕاستی، من لە ئێوە باشتر دەزانم سیستەمی تەندروستی لە کوردستاندا ناتەندروستە وسەقەتیان کرد بەڵام لە خۆشەویستی بۆ کارەکەم وسەلامەتی نەخۆشەکانمەوە باشترین ئامۆژگاری هاوپیشەییانە وبرایانەم بۆتان ئەوەیە کە چیدی مەچنە بەردەم کامێراکان، ئەوەندە شۆنەکان بەسەرمەکەنەوە (گەر فرە پێویست نییە) گەر پێویستیشە ئەوا ئەو هەموو بە ناو ڕاژنامە نووسانە لە دەورتان کۆمەکەنەوە، (بەدەنگ بڵێن و بگەڕێنەوە) لەبەرئەوەی گەر دەستەواتتان پێ نەدراوە یان نییە بۆ ئەوەی کارەکانتان ئەنجام بدەن ئەوا دەتوانن داوای لێبوردن بکەن و واز لە بەرپرسیاریەتەکەتان بهێنن با لەم کاتە هەستیارەدا خۆتان و وەزارەتەکە تۆك نەشکێن لەبەر ئەوەی تۆکشکاندنی ئەستای نەخۆشخانە مانای تۆکشکاندنی حکومەت و بگرە میللەتیش ئەوسا هیچ کەسێك وتەنانەت مژووش لێتان نابورێت ووەك خۆتان دەیەژن: با کارەساتی مرۆیی ڕوونەدات . تکایە بە نووسراو داوای یارمەتی لە شارەزایان بکەن هیچ عەیب نییە و با فەرشی سوور بۆ بگانە دانەخەین، باوەناکەم کەس نەبێت (مەگەر بۆیژدان بێت) و نەیەت بە هاناوە . لە ئیمەوە وا باشترە کارەکانتان بە نوسراو جێبەجێ بکرێت، ئەو کاتەی بە هاتووچۆ و کۆنگرەی ڕاژنامەوانییەوە بەفیڕی دەدەن (کاردەکاتە سەرتوانای بیرکردنەوە وبیاردانی هەڵەشە) پێشتریش ئاماژەم پێکردووە ئەمە شەمانە لە گەڵ کاتدا و کاتیش لەبەرژەوەندی ئەمەدا نییە، باشتر وایە کاتتان ئامادە بکەن بۆ پیتاك کردن، دابینکردنی ستاف، کەلوپەلی خۆپاراستنی نێو نەخۆشخانەکان کارمەندان و نەخۆشەکان.

لە کۆتاییدا هیوادارم جەنابی وەزیر کە خۆیان پێشتر بەوەبەری

گشتی تەندروستیش بوون، بە دڵکی فراوانەوە ڕەخنەکانم لێ وەربگرێت و هەوڵی بە پەلەی (دڵگرم) جدی بدات بۆ چارەسەرکردنیان نەك بە دوژمنایەتی، ئیهانە و تەشهیر بیداتە قەڵەم (پاشتر ئاگر لەسەر پشتم بکاتەوە) لەبەرئەوەی هەموومان خەمان بە خەمخۆری میللەت دەزانین و هەموومان دڵمان گەرمە، هاوکات من ڕقم لە کەس نییە و نەبووە بەڵام کەمتەرخەمییەکان مەترسیدارن، هەڵسوکەوتە نابەجێکان یان پشتگوێخستنی بەرپرسیاریەتییەکانی کەرتی تەندروستی بەرانبەر نەخۆش فرە ناڕەحەتم دەکات ئەویش لە دژواری وخەمخۆری خەمەوەیە، بۆ کۆنترۆڵکردنی باشتروخراتری ڕەوشەکەیە ،کە هەموومانی کردۆتە ئامانج ودەبێت دەست لە نۆودەست بین بۆ خزمەتکردنی نەخۆش و ڕێگرتن لەفرە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە نەك دژی یەکدی.

د. زاهیر سوران
پسپۆڕی نەخۆشییە درمییەکان و گشتییەکان ، سلێمانی.
٧ نیسانی ٢٠٢٠

تێبینی: ئامادەم گەر گەرەکتانە لە ماوەیەکی کورتدا ستافێکی باشی کارامەتان بۆ ئامادە بکەم تا لەو دەردەسەرییە رزگارتان ببێت، بە مەرجێك بەشداران و پێداویستییەکانی خولەکەم بۆ ئامادە بکەن و کەس تەدخول (ڕاچوون) نەکات.

...دەزگای خێرخوازییە یان ئێرگانی حزبایەتییە؟ ئەحمەد رەجەب

ڤایرۆسی کۆرۆنا هەموو جیهانی گرتووەتەوەو ڕۆژانە ژمارەیەکی گەورە مرۆڤ لەناو ئەبات وزیاتر لە نیوەی دانیشتوانی سەر زەوی ناچارکردووە لە ماڵ بمێننەوە وەك ڕێگەگرتن لە زیاتر تەشەنەکردنی و بڵاوبوونەوەو ئەو بارودۆخە بووەتە مایەی بەدبەختی بۆ هەمووان بە تایبەت بۆ هەژاران و لە پاڵ بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا هەژاری و برسێتی بڵاو بووەتەوە.
بە هۆی کۆرۆناوە باسی دەزگاکانی خێرخوازی گەرمەو، حزبەکان

کەوتوونەتە کێبرکێ و پارە کۆکردنەوەو هەرچەندە ئامانجی ئەو دەزگانە خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتییە وەك بایەخدان بە پەروەردەو فێرکردن وپشخستنی کۆمەڵگاو یارمەتیدانی خەڵکی لێقەوماوو، کارکردن بەبێ جیاوازی ئاین و ڕەگ و تایفە و پێست بەڵام بەداخەوە زۆرجار لە بەر زاڵبوونی بیری حزبایەتی ئاراستەکەی ئەگۆردرێت.
دەزگاکانی خێرخوازی قازانج نەویستەو بێ جێبەجێ کردنی ئامانجی بەرزو گەورەی وڵات بەبێ جیاوازی و دوور لە حزبایەتی هەوڵ ئەدەن و، کار بێ نەهێشتنی هەژاری و بارگرانی خەڵك ئەکەن و هەروا بێ بتەکردنی مافە بنەرەتییەکانی مرۆڤ و ژینگەو کۆمەڵگا لە ڕێی ڕاهێنان بێ کەسانی بێکار بێ ئەوەی ببنە کەسانی خاوەن بەرهەم و، لە هەندێ وڵات دەزگاکان یارمەتی لاوان ئەدەن و ئەبنە زامنکردنی پێداویستییەکانی هاوسەرگیری و، کار بێ جەنگاوەرە دێرینەکان و کەسانی نەخوێندەوارو بێ ئەزمون ئەدزنەوە.
لە زوربەی وڵاتان دەزگاکانی خێرخوازی بە شێوەی هەرەمەکی دانەمەزراون بەڵکو ئەبێت هەموو ئامانجەکانی بە پێی بەرپرسیارەتی یاسایی بێنتەدی و بار قورسی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە ڕێی گەشەدان بە پەیوەندییە کۆمەلایێتییەکان سوك بکات و لە هەمان کاتدا بایەخبدات بە مافەکانی مرۆڤ و هەوڵبدات هەژاری نەمێنێت و سواڵکردن بنبر بکات.
دەزگاکانی خێرخوازی بێ کارو چالاکییەکانی پشت بە یارمەتی و کۆکردنەوەی پیتاك و هاوکاری دارایی ئەبەستێت و سەرچاوەی سەرەکی خەڵك و ڕێکخراوەو دامودەزگاکانی ناو کۆمەڵگایەو نابێت بە هیچ شێوەیەك بێ سوودی تاك وحزب و بەرپرس و کەسانی خاوەن دەسەڵات بەکاربهێنرێت و، ئەبێت بێ خێشی ئەو کەسانە بێت کە لە ژیانیاندا تووشی ناخێشی و شەرو کارەسات بوونەتەوەو بێ خێشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و، بێ لە هاوکاری دارایی پیتاك وەك جلوبەرگ، پێاوو خواردن ڕێیان هەیە و، ئەم دەزگانە دابەش ئەبن بە سەر: پاراستنی ژینکە، پاراستن و یارمەتیدانی ئاژەڵ، وەدەستهێنانی دەرمان و عیلاجی نەخێشەکانی شیرپەنجە و هتد …
زۆر کەرەت پارەو پیتاکی کۆکراوە بەشی کاروباری دەزگاکان ناکات بەیە ڕوو لە سەرچاوی دارایی تر ئەکەن وەك ئاهەنگگێران وچالاکی جۆراوجۆرو هەمەچەشنە یان فرێشتنی شتومەك و بەرهەمی سەر بە دەزگاکان و، بەو شێوەیەش باری ئابووری ئەبوژێتەوەو یارمەتی بێ هەژاران و هەتیوان زیاتر ئەبێت و، یارمەتییەکان ئەدرێن بە خەڵکانی نەخێش و پیرو پەککەوتەو خاوەن پێداویستییەکان و ئامادەکردنی داودەرمان و جاروبار نەشتەرگەری کردن بێ لێقاوماوان و، لە ڕێی بیرلێدان یارمەتیدانی دەوڵەت ئەدەن بێ ئەو شوێنانە

ئاوی پاکی خواردنەوەیان نییە.
دەزگاکانی خۆرخوازی لە زۆر رووەوە یارمەتی پێشکەش ئەکەن وەك کردنەوەی خولی فێرکردن وپەرەدان بە بواڕەکانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ، بایەخدان بە کێشەکانی ژنان و بەرگری لە مافەکانی و چالاککردنی ڕۆیان لە ناوکۆمەڵگاداو، هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی گیروگرفتی چەوساوەکان و، بەشداریکردن بۆ لابردنی بارسەنگی لە سەر ئەو خۆزانانەی تووشی زەرەروزیان بوونەتەوەو، بایەخدان بە لاوان وبەرزکردنەوەی باری ڕۆشنبیریان سەبارەت بە دیموکراسی، ئازادی، مافەکانی مرۆڤ، سەروەری یاسا و دژایەتیکردنی گەندەڵی.
تا ئێستا ژمارەیەك چاوچنوك و چاوبرسی هەن بوونی ئەم جۆرە دەزگانە لە پێناو کاری نەشیاوو ناشەرعی ئەقڵزنەوە یان لە پارەی ئەم دەزگانە ئەدەن بە هونەرمەندان بە نیازی ئەوەی هونەرمەندان دەزگای نوێ دابمزرێنن و ئەگەر سەرکەوتوو بن پارەی زۆرتر کۆ ئەکەنەوەو، ئەو کات دەستبەسەر پارەکە ئەگرن و بۆ خۆیان خەرجی ئەکەن.
لای خۆمان بەرپرسان حزبایەتی بە دەزگاکانی خۆرخوازی ئەکەن و نموونەش زۆرەو لەوانە لە کاتی بوومەلەرزەکەی شاری دەربەندیخان لە شەوی 12/11/2017 زیانێکی زۆر بەر شارو خەڵکەکە کەوت و، زیانەکانیش بە (19) ملیار دینار خەمڵێندرا بۆ ئەوەی 4 هاوڵاتی گیانیان لەدەستداو ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون و جێی ئاماژەیە سەرکی حکومەت نەچیرڤان بارزانی بەڵێندا کە حکومەت قەرەبووی زیانەکان ئەکات بەڵام لەمڕدا زیان لێکەوتوانی بوومەلەرزەکە نەگەرانن وحکومەت هیچی نەکرد بەڵام ڕێکخراوەکان سەر بە پارتی و یەکێتی و حزبەکانی تر هەندێ خۆەت ، بەتانی، سوپاو ئازووقەیان دابەش کردو جێی دەستخۆشییە و، ئەوەی جێی ڕەخنەو گازندەیە هەر یەك لەو حزبانە دووچاوگی و جیاوازییان کردو، یەکەم بۆ ئەندامەکانی خۆیان و دووەم بۆ لایەنگیرانیان و ئەوەش مایەوە بۆ لێکەوتوان و لێقەوماوان و، باشتر وابوو هەرچی هەبوو بدرایە بە دەست بەرپرسانی حکومەت لە شارەکە و لە ڕێی ئەوان دابەش بکرایە
کێبرکی لە نێوان حزبەکان هەیەو ئەگەر پارتی دەزگای خۆرخوازی بارزانی هەیە، ئەوا یەکێتی دەزگای مرۆیی مامی هەیە کە ناسنامەکەی ئەڵێت ڕێکخراوێکی قازانج نەویستە و، کێبرکی بەناوی خۆرخوازی لە نێوان کورەکانی نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی هەیە و، کەس نازانێت پارە و سامانی ئەو ڕێکخراوەانە چەندە؟ و ، لە کوێوە هاتوون؟ و، چۆنچۆنی خەرج ئەکرێن؟ و، جارێکیان یەکێك لەو کورانە گرانیبڕێکی ئەمرێکی بانگهێشت کردو بوو بووە مایەی زەرەرو خەکێکی کەم چوون بۆ ئاهەنگەکەو کابرای ئەمریکی چەند دەفتەر دۆلاری وەرگرت و خۆشخوازییەکە شکستهێنا. .

6/4/2020

ڕۆژێک دادێت … بەناز فاتیح

دەرگا لەسەر جیهانی خەم
دادەخەم و
بەخەم دەڕۆم
ئیدی تەنها
خەتت بەسە!
ڕۆژێک دادێت
کە سەیری ئاسمان دەکەم
بە خەم دەڕۆم
ئیدی زەمین
تەی وەدەرنا
لەڕ تەنها
ئازادیت بەسە!
ڕۆژێک دادێت
کە سەیری خەم دەکەمەوە
بە خەم دەڕۆم
بەدەنگیت
تاریکیت
دەوانەیيت
بەچی لە ماڵی شیعرەکدا
بەجێ نەهێشت!!!
ڕۆژیک دادێت…

بەناز فاتیح

کۆرۆناو چاوچنۆکەکانی کوردستان … عیماد عەلی

بەدوور لە بارە جیهانی و ناوچەکە، راستەوخۆ لەکوردستان و کاریگەریەکانی کۆرۆنا بۆ ئەم چەند رۆژە ببینین، زۆر شتمان بۆ روون دەبۆەوە. ئەوەی ویستیان بە کوردستانی بکەن لە بەرەهایی گواستنەوەی بۆ نۆو دونیای سەرمایەداری لەسەرجەم سیکتەرەکنی ژیانی خەڵك و گوۆ گرتن و چەمانەوە و نوچدان بۆ مرەجەکانی دەزگا چاوچنۆکە جیهانیەکان و هەوڵی نیوەناچێ گۆڕینی ژیانی خەڵك بۆ دونیای سەرمایەداریی بۆ رەحم و دروستکردن و زەفقبونەوەی باری جیاوازی چینایەتی زەق و، گۆڕینی هەموو شتێك کە بۆنی مرۆڤایەتی لێبێت تەنها بۆ مادە بۆ تەنها مەبەستێك کە ئەویش کاڵاو قازنج و زیدەبەرهەم بێت، وا بە یەك گۆڕینی سروشتی سەری هەموانی دای لە دیوار. لەسەرجەم رووەکانی تەندروستی و پەروەرد و فێرکردن و کار و کرێکار و کشتوکاڵ وباری کۆمەڵایەتی هەمووی بە تاکە هۆکارێك داڕما و ساختەی دونیای دوور لە مرۆڤایەتی و تەنگبینی بیری تاکگەرایی دەرخست.

دوای ئەوەی خەریك بوو وردە وردە سێکتەری تەندروستی لە حکومەتیەوە و شۆوەیە بگۆڕن بۆ ئەهلی کە مامەڵەکردنی نەخۆش وەکو بەکاربەر و مەعمیل و نەخۆشخانە وەکو کۆمپانیایەکی قۆرخکاری هاوشۆوەی کارگەکانی تری وەکو دروستکردنی تڕپ و فرۆکە و ئۆتۆمبیل مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و داوو دەرمان نەك وەکو چارەسەر بەکو وەکو کاڵایەکی رووتی بۆ ناوەڕکی مرۆڤایەتی تەنها و تەنها لە پێناو قازانج و بەس ئەگەر کوالیەتەکەشی لە هیچ ئاستێکدا نەبێت، ئەوەتا دەرکەوتن لەسەرەتای ئاراستەی گۆڕین توشی قەیران هات و خۆشنودی و گەشکەکردنی دەسەڵاتدارانی هەرێم لەمەڕ گۆرینی سیستمی هەرێم بە رێنمایی و ئامۆژگاریەکانی داموودەزگاکانی دونیا سەرمایەداری و فەرمانرەواکانیان، ئەوە دەرکەوت کە کۆرۆنا ئەو خورافاتەی لە مێشکی بەرپرسانی دەستڕێشو چێنرابوو بۆ گۆرینی هەولیر بۆ دوبەی و کوردستان بۆ ولایەتی داڵاس بوو بە خەونکی زۆاو بە مۆتەکەی حەقیقەتی دونیای مرۆڤایەتی راستەقینە. لێرەدا نە سەرمایەداری و نەش ئەم جۆرە دیموکراسی و بەناوئازادیی سەختەیە و نەش هەنگاوە نەگونجاوەکانی فەرمانرەوایانی هەرێم رووە و سەرمایەداری بۆ ژێر خانی ئابووری گونجا دادی نەدان و نەك بۆ هەرێم بەتەنها بەکو بۆ جیهانیش دەرکەوت کە گەانەوە بۆ سەرەتای رێگەی راست خۆی بەسەر

ئەم دونیا فریودەرە ساختەچێتیەی دونیای سەرمایەداریدا دەسەپێنێت. لەلایەکی ترەوە بۆ هەموو ئایدیالیستە میتافیزیکە ئایین پەیوەندی کوردستان دەرکەوت کە نە مزگەوت و نەش مەلا و خەتیب و دەم سپی بیر خەیاڵاوی و نەش سیستمی کۆمەڵایەتی دواکەوتوی بەسەرچو و نەش پڕپۆلیستی سیاسی ڕۆژی لە بەرژەوەندیە راستەقینەکانی خەڵکی کوردستان بەقەد یاریدەدەرێکی پزیشکدا نیە. بۆی ئەو راستیە دەرکەوت کە ئەوەی کوردستان نیازی بوو بیکات لە قازانجی نزیك و دورمەودا و دواڕۆژی ئەم گەلە نیە و دەسەلاتدارانی هەرێم تایبەتمەندهیەکانی ئەم گەلەیان نەخوێندەوە و ویستیان لاسایی پڕخاوسەکان و تازەدیدە نەدیوبدیەکان و رەفتاری ڕوکەشیانەی دوور لە ناخی پەسەندنی سروشتی مامەڵە لەگەڵ پرسی کورد و بەرژەوەندی گەلەکەی دەکەن، ئەمە ئەگەر بەخۆشیان نەزانن کە فەرمان و ڕێنمایی دەرەکی پێیان دەکەن و ئەوان هیچیان بەدەستەوە نیە جگە لە ملکەچبون چەمانەوە نە بێت.
لەلایەنی تەندروستیەوە دەرکەوت کە نەخۆسخانەی تایبەت و پزیشك و بەیوەبەرە سەرمایەدارەکانی بواری تەندروستی ئەهلی لەم قەیران و تەنگژەیە وەکو باری نالەباری خەڵك بە هۆی کۆرناوە هیچیان لەدەست نایەت و دەستودامان بۆ ئەوەی هەنگاوێکیش بنێن دادەنیشن و هیچ ڕۆڵێکی ئەرێنی مرۆڤدۆستانەیان نیە(ئەمەش لەبەر ئەوەی تەنها ئامانجیان قازانجی مادیە و بەس). بۆیە ئەگەر کۆرنا و لێکەوتەکانی زنجیری بەستنەوەی ئەم دەسەاتە بە مەرجەکانی دونیای سەرمایەداری بەیەکجاری نەپچڕێنێت لە ئایندەیەکی نزیکدا تەنانەت لە ڕووی سیاسیشەوە سەریان دەدات لە نەگونجاندنی بیر و رەفتاریان لەگەڵ ویستو بەرژەوەندیە راستەقینەکانی گەلی کوردستان و کۆرنا ئاسا ناچاری ملکەچبونیان دەکات.

گفتگۆیەکی گەرم لەگەڵ ڤایرۆسی کۆرنا دا.. و: ڕزا شوان

پرسیار: تۆ کێی؟
کۆرنا: نۆ بۆ چاو و نۆ بۆ زۆربینی تیشکیش من نابینی.
پرسیار: ڕچەك و خەزانت کێن؟

کەرەنا بە پەی زانیارییەکان من لە بنەماڵەی قایرەسکانم، بە (قایرەسی تاج) ناسراوم.
پرسیار: تە تازەیت یا کۆنیت؟
کەرەنا: تازەم.
پرسیار: ئایا تە گیانلەبەریت؟
کەرەنا: نەخێر.
پرسیار: ئایا لە دەرەوەی جەستەدا زیاد دەکەیت؟
کەرەنا: نەخێر.
پرسیار: بە چ خێرایییەک زیاد دەکەیت؟
کەرەنا: من وەک تەنیا خانییەک دەچمە گیانەوە.. لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا، ژمارەم زیادەکات و دەگاتە دە ملیار.
پرسیار: بۆچی ناویان ناوی (گۆڤید ـ نۆزدە)؟
کەرەنا: بە کورتکردنەوەی وشەکانی ناوەکەم.. ناوم لێم سە وشەیە پێکهاتووە: (کەرەنا، قایرەس، دیسیاس) نۆزدەکەش، ئەوەیە کەمن لە ساڵی (٢٠١٩) سەرم هەڵدا. (١٩) دوو ژمارەی کۆتایی ساڵی سەرهەڵدانمە.
پرسیار: بە یەکەمین جار لە کەی و لە کوێدا دەرکەوتیت؟
کەرەنا: لە مانگی دەسەمبەری ساڵی رابردوو، لە زێدی سەرهەڵدانم لە شاری (وەهان) لە چین دەرکەوتم.
پرسیار: چۆن لە کەسکەوە بە کەسکی تر دەگوازرێیتەوە؟
کەرەنا: بە هەی ئەو پریشکانەوە، کە لە کاتی کۆکین و پژمیندا، لە دەمی کەسکی تووشبووەوە دەردەپەن و بەر کەسک یا کەسانی نزیکیان دەکەون.
پرسیار: ئایا بە هەی هەواوە دەگوازرێیتەوە؟
کەرەنا: حەز بەم هەیە ناکەم.
پرسیار: لە کوێوە دەچیتە گیانی مرۆڤەوە؟
کەرەنا: لە دەمیەوە، یا لە لووتیەوە، یا لە چاویەوە.
پرسیار: بە ماوەی چەند، لەسەر کەلوپەل و شتومەک و کەرەستەکاندا دەمێنیتەوە؟
کەرەنا: لە چەند کاتژمێرکەوە بە چەند ڕۆژێک.

پرسیار: کەسی تووشبوو، لە ماوەی چەند ڕۆژدا، دەردەکەوێت کە تووش بووە؟
کەرەنا: لە دوو ڕۆژەوە بە چوار ڕۆژ.. ئەوپەڕی: لە پێنج ڕۆژ یا لە شەش ڕۆژدا.
پرسیار: بە چی مەبەستێک دەچیتە گیانی مرۆڤەوە؟
کەرەنا: بە ئەوەی هەڵش بکەمە سەر سیەکانی و دایبەزێنم.

پرسیار: باشترین ژینگە بۆ تۆ چییە؟
کۆرپەنا: ژینگەیەکی تاریک و سارد.
پرسیار: ئایا حەز لە ژینگەی وشک و گەرم دەکەیت؟
کۆرپەنا: نەخێر.
پرسیار: سیانەی نیشانەکانی تووشکردنت چین؟
کۆرپەنا: ١ـ تالـەهاتن.. ٢ـ وشکە کۆکە.. ٣ـ شەکەتی و ماندووبوون.
پرسیار: ئایا قاگسین (دەرمانی دژ) هەیە بۆ لەناوبردنت؟
کۆرپەنا: نەخێر.
پرسیار: ئایا چارەسەرت هەیە؟
کۆرپەنا: نەخێر.
پرسیار: چۆن لە رەگای پشکنینەوە دەدەزرێیتەوە؟
کۆرپەنا: بە وەرگرتنی تاقی لە لووت یا لە دەم یا لە قوڕگ، لە تاقیگەدا پزیشی پسپۆر پشکنینی ورد بۆ ئەو وەرگرتووە دەکات.. دەردەکەوێت ئەو کەسە تووش بووە یا نا.
پرسیار: جیاوازی تۆ چییە لەگەڵ قایرەسەکانی تردا؟
کۆرپەنا: خەرایی بڵاوبوونەوەم.
پرسیار: باوباپیرانت کێن؟
کۆرپەنا: ١ـ (سارس)ی چینی.. ٢ـ (مەرس)ی سعوودی.
پرسیار: لە هەواڵەکاندا راگەیاندرا، کە دەرمان هەن کارت تێدەکەن.. ئایا ئەمە راستە؟
کۆرپەنا: بەڵێ.. هەوڵی بەربەرەکانیم دەدەن.. دەیانەوێت بەو دەرمانە کۆنانە بمکوژن، کە بە پێتاکانی تر دروستکراون.. بەڵام شکستیان هێنا بە لەناوبدنم.
پرسیار: دەتوانی ناوی هەندە لەو دەرمانانە بهێنیت؟
کۆرپەنا: کۆمپانیایەکی فەرەنسی، ئەوەی وت: بە دەرمانی گرانتا یا دەرمانی دژە ئیبۆلا یا دەرمانی دژە ئایدز یا ئامیفلۆ، یا بە جۆری تری دەرمانە دژە قایرەسەکان، کەرەناش لەناودەچێت.. بەڵام بە هەموویانەوە نەیان توانی بمکوژن.. تائێستا ئازادم و سەربەستم و بەدەربەستم.. بە خەرایی لە وەاتەکەوە بە وەاتەکی تر دەڵێم.
پرسیار: شتی تازە هەیە بۆ لە ناوبردنت؟
کۆرپەنا: هەندە لە پزیشکان هەوڵی ئەوە دەدەن، کە بە قاگسینی دژە سیل بمکوژن.. بەڵام شکستیان هێنا.
پرسیار: ئەی گیاوگژ و دەرمانی میللی، وەکو: ڕەشکە و رازیانە و نەعنا و...؟
کۆرپەنا: هاهاها.. هاهاها.. هاهاهاهاها.
پرسیار: رقت لە چییە؟
کۆرپەنا: رقم لە، مانەوە لە ماڵەوە.. پاک و خاوێنی کەسی.. هەوا

گۆیین.. ژینگەی وشک و گەرم.. چەند جارێک ئاو لە دەم وەردان (غەغەکردن).
پرسیار: ئایا تۆ بچیتە گیانی هەرکەسێکەوە دەیکوژیت؟
کەرەنا: نەخێر.. هەندێ کەس و لایەن و میدیا و راگەیاندنەکان، ترس و تۆقین لەناو خەڵکیدا بەهاودەکەنەوە.. لە راستیدا لە (سەدا هەشتای) نەخۆشەکانم بەبێ چارەسەر چاک دەبنەوە.. نزیکەی (لە سەدا حەڤدە)ی نەخۆشەکانیشم پەیوەستیان بە جیاکردنەوە هەیە و لە نەخۆشخانەکاندا بە چارەسەری ئاسایی چاک دەبنەوە.. بەڵام لە (سەدا دوو ـ بە ـ چوار)ی نەخۆشەکانم دەکوژم.
پرسیار: خەسڵەتی ئەو کەسانەی دەیانکوژیت چییە؟
کەرەنا: ئەو بێتەمانانەی دەکوژم، کە تووشی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەکو: شەکرە و پاڵپەستۆ و نەخۆشی هەناسە تەنگی بوونە.
پرسیار: منداڵانیش تووش دەکەیت؟
کەرەنا: بەزەییم بە منداڵان دێت.. بە زەری وازیا لێدەهێنم.
پرسیار: هۆش دەکەیتە سەر نەرینە یان مەینە؟
کەرەنا: بەزەری بە سەر نەرینە.
پرسیار: فەرمانکەیت چۆن خەمت لە بپارێزم؟
کەرەنا: ١ـ لە ماڵەوە بمێنەوە.. لە قەڵەباڵغی و لە گردبوونەوە و لە تێکەڵبوون خێرا دووربگرە.. مەچە بە پرسە و مزگەوت و بە میوانی.
٢ـ بە بەردەوامی و بە شێوەیەکی باش دەستەکانت بشۆ و پاکژکردنەوە بەکاربهێنە.
٣ـ گەر پژمین و کەکەت هات.. کلێنکسێکی پاک بە دەمتەوە بگرە.
٤ـ ماوەی زیاتر لە مەترێک.. لە نەوان تۆ و کەسێکی گومانلێکراوی تووشبوو هەبێت.
٥ـ زەر پەیوستە هەوای ماڵەکەتان بگۆڕی.. بە کردنەوەی پەنجەرەکان و دەرگاکانی ژوورەکانتان بە ماوەیەک.. رۆژی سێ و چوار جار دووبارەی بکەرەوە.
٦ـ رۆژانە چەند جارێک، بە شلەی پاکژکەرەوە، شتەکان و دەسکی دەرگاکان و سەرمێز و دۆزگای کۆمپیوتەر و مۆبایل و شتەکانی تر پاک بسڕەوە.. پێناوکانت لە دەرەوە دانە.
٧ـ رۆژی چەند جارێک بە ئاوی شلەتین، ئاو لە دەمت وەردە (غەغەکردن بە ئاو).
پرسیار: دەربارەی دەمامک و دەستکێش قسەم بۆ بکە، ئایە پەیوستە بەکاریان بهێنین؟
کەرەنا: بە کارهێنانی دەمامک و دەستکێش، بە کەسانی تووشبووان و گومانلێکراوان پەیوستە.. بە سەرجەم تیمە پزیشکییەکان و

پەرستیاران و کارمەندانی تەندروستی ناو نەخۆشخانەکان بۆ ئەو کەسوکارانەش کە چاودێری دەخێی نەخۆش تووشبووەکانیان و گەمانلێکراوەکانیان دەکەن.. دەمامک و دەستکێش و بەدڵی خۆپارێزیان پێویستە. بەڵام بۆ ئەودوای خەڵکی پێویست نین.

پرسیار: ئایا نیشانەکانی تووشبوون لە هەر نەخۆشکی تووشبووداد دەردەکەون؟

کەرەنا: نەخێر.. بەشکی زۆر لە نەخۆشکان، کە تووشدەبن و چاکیش دەبنەوە، سەڵەتنین و پێی نازانن، هیچ نیشانەیکیشیان لە دەرناکەوێت.

پرسیار: لە کە دەترسیت؟

کەرەنا: لەم کەسانە دەترسم: ١ــ لە تەژینەوەی زانیاری و لە زاناکان. ٢ـ لە هۆشیاری و لە ڕەشنبیری خەڵکی.. ٣ـ لە پلان و لە بەرنامە خۆپارێزیەکان.

پرسیار: میستەر کەرەنا.. ئایا راستە کە تە دروستکراوی هەواگریت (موخابەراتیت)؟

کەرەنا: هەندە کەس و لایەن وا دەڵێن.. ئەوەی وا دەڵێت با نەترسە و بیسەلمێنێت.

پرسیار: ڕووی ڕەشی تەمان زانی.. ئایا ڕووی سپێشت هەیە؟

کەرەنا: بەڵێ.

پرسیار: چیین.. باسیان بکە؟

کەرەنا: ١ــ متمانەم بە خەزانەکان گەلانەوە و کەسەکانیانم کەکردنەوە.

٢ـ ژینگەم پاک کردەوە.. لە ماوەی تەمەنی کورتم دا، ئەوەی من لە بارەی ژینگەوە هەناوەتەدی.. ئەو کۆنگرە نێدەوەتیانەی کە دەربارەی ژینگە بەستران، بەیان نەهاتەدی، لەو کۆنگرە نوودەوەتیانەش: کۆنگرەی(ستەکهۆم: ١٩٧٢) و کۆنگرەی (نیرەبی: ١٩٨٢) و کۆنگرەی (رویەدجانیرە: ١٩٩٢).

٣ـ فشەیی و لاوازی سیستمی تەندروستی جیهانیم ئاشکراکرد.

٤ــ مرۆڤ خەی بە خوا دەزانی.. سەلماندم کە چەند لاواز و بەدەسەاتە.

٥ــ پەردەم لە ڕووی گەندەڵی و دەسەاتدارە گەندەڵ و دزەکان هەڵماڵی.

٦ـ هەندە وا خەیان پێشان دەدەن کە بە خەیاندا چوونەتە و ڕوویان لە باشی کردووە.. بەڵکو راست بکەن.

پرسیار: بەچی عەرەبەکان تووش ناکەیت؟

کەرەنا: جیاوازی لە نێوان هیچ نەتەوەیەک ناکەم.. بەڵام رژەمە عەرەبیەکان راشکاوی و راستگۆیان نییە.. بۆیە راستیەکان بۆ

گەلەکانیان ناوبەن و لەناو دەشارنەوە.
پرسیار: تەکنەلۆژیا چۆن بە ئایندە چییە؟
کەرەنا: دەشێ مرۆڤ ڤاگسینێک یا دەرمانێکی کارگەر بدۆزێتەوە و لەناوبەرن.
پرسیار: بەڵام کەرەنا.. ئایا ویژدان ئاسوودەی؟
کەرەنا: بەڵێ.. هۆش و ویژدانی مرۆڤم راچڵەکاند و تووشی شووکم کردن.. جیهانی دوای کەرەناش جیاواز دەبێت لەگەڵ جیهانی پێش کەرەنا.
پرسیار: چی ئامۆژگارییەکم دەکەیت؟
کەرەنا: لە ماڵەکەتدا بمێنەوە.. تا چارەسەرێک دەدۆزرێتەوە.. یا ڤاگسینێکی گونجاو دروست دەکرێت.
تێبینی: ئەم نووسینە، لە سایتی "اراء حرة" دا، لە (٢٦/٣/٢٠٢٠) دا بڵاوکراوەتەوە، ناوی نووسەری لەسەر نییە، بە دەستکاریییەوە لە زمانی عەرەبییەوە وەرم گێڕاوە بە سەر زمانی کوردیمان.
رەزا شوان
نەرویج: ٧/ ئەپریل/ ٢٠٢٠